# ڕۆژێك دێت كه‌ مارشاڵ بێت

مـــــــــــارشاڵ
خۆت ئاسا وه‌ره‌
ڕه‌نگت ڕه‌نگی ئه‌له‌ند بێت
بۆنت گوڵاو قه‌نه‌فڵ
به‌و ریشه‌ درێژه‌ نورانیه‌وه‌ وه‌ره‌
تا ماچێكت به‌رمانكه‌وێ
ئێواره‌یه‌ك وه‌ره‌ له‌ خه‌ڵوه‌تدا بین
به‌ به‌رداغێك شه‌رابی سوره‌وه‌
وه‌ك ئه‌وه‌ی ده‌ممان له‌ خوێنی
پێغه‌مبه‌ره‌كانت بێت

مـــــــــــارشاڵ
به‌ بوخچه‌یه‌ك دیاری هه‌وره‌ تریشقه‌و
بۆنی باران و توڕه‌یی ته‌زره‌و
بێ ڕه‌نگی خۆرو
ماچی فریشته‌و
دڵی ئاسمان و
زه‌ردی مانگ و
وێنه‌ په‌ری و
هه‌ناسه‌ی (با)و میوانداری وه‌رزه‌كان و
كه‌مێك له‌ تامی گێلاسه‌كانی به‌هه‌شت له‌گه‌ڵ خۆتدا بهێنه‌

مـــــــــــارشاڵ
هه‌گبه‌ی نامه‌ رزیوه‌كانت پێبێت
ئه‌و نامانه‌ی هه‌موو شه‌وێ

(ڤینۆس)ی لەباوەشت بێدار دەکردەوەو

لێوە هەڵقرچاوەکەتی

بەگۆی مەمکی تەڕ تەڕ دەکردەوە

وەك ئەوەی نۆبەرە بیت لە بەر مەمکی دایکت

ئەو نامانەی دات بە یوسف و

گرەوی عەشقی کچانی

مەملەکەتەکەی پێ بردەوە

مـــــــــــارشاڵ

نامەکانمان پێویستە

لێوی ئێمەش هەڵقرچاوە

بۆ گۆی مەمکەکانی ئەوان

تامی دەممان.. .تاڵە

ماچی جگەرەیەك تەڕمان ناکا.. .

پێکی شەرابێك ئەو تاڵییەی دەممان کەم ناکاتەوە

وێنەی ئەو چاوە کاڵانەی

دووکەڵی جگەرەیەك دورستی دەکات

چیتر نامان وروژێنێ

مـــــــــــارشاڵ

شوشە عەترێك لە بۆنی

قژی خاوی کچانمان بۆ بێنە

شەو بەو بۆنە بەرەوە مەملەکەتی خەون دەمانباتەوە

یاخیمان دەکات لە شەرع و

قەلغانی دامێنی کچانمان پێدەشکێنێ

ئەو قەلغانانەی چەند ئەستورن ئەوەندەش ژەنگیان هەڵهێناوە

ئەوە بۆنە بۆنێکە (شەیتانیمان) دەکات تفمان پێدەکات بە کلتوردا

لەو هەموو چێژو جەنگدا

**چۆلەکەیەکی ئاوس لەبەرەبەیاندا بە جیوە جیو لە خەومان دەکات**

**مـــــــــــارشاڵ**

**کەهاتی**

**نە لە هۆڵی شەهید فلان و**

**نە لە مزگەوتی فلانی ابن فلان و**

**نە لە کەنیسەی فلان کەس کۆنابینەوە**

**ناونیشانی ئێمە دەزانی**

**لەدرەنگی شەوا**

**لەیەکێك لە یانەکانی شاردا**

**لەگەڵ عەبدە مەستەکانت**

**لەوێ کۆدەبینەوە**

**مـــــــــــارشاڵ**

**ناکرێ ئەوان ئامادە بن**

**نە مۆنیکا نە لیمۆزین**

**هیچیمان نیە**

**بەپیاسە بەرەوە ئەوێ دەڕۆین**

**قسەی زۆرمان لایە**

**گلەیی سەدەیەکمان لەدڵە**

**دڵمان پڕە لە قوڵپی گریان**

**خەونی چەند ساڵەمان لایە**

**کەس نیە تەفسیری بکات**

**مـــــــــــارشاڵ**

**بەر لە سەردانەکەت**

**رۆحی دیۆەزمەکان بکێشەو**

**تەفسیری خەونەکانمان بۆ بکە**

**خەونەکانمان**

**خەونگەلێکی ترسناکن**

**مۆتەکەی ئەو خەونانەمان لەبیربەرەوە**

**نە لەنێو لەپی دەستمان و**

**نە لەنێو فینجانی قاوەدا**

**فاڵچیەکان تەفسیریان بۆ نەکردین**

**مـــــــــارشاڵ**

**بۆ ئەوەندە پەلە لە مردنمان دەکەیت**

**بۆ ئەوەندە کات خێرایە**

**دەبینن پیری چەند بە تووڕەیی**

**بەرەو ڕومان دێت**

**هێمنی کەرەوە هێچمان نەبینی**

**ئاوێنەی کۆنە هاوڕێش چیتر هاوڕێیەتیمان ناکات**

**کەهاتی لەلای ئەو فاڵچیانە نان نەخۆیت**

**وێنە لەگەڵ دۆستە بێوەفاکانمان مەگرە**

**چاوەڕوانی دەست و دیاریت دەکەین مـــــــــارشاڵ**

ئارام رەمەزان
2006\1\15
asalaie@yahoo.com